Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان - هەولێر

No:
Date:

ژمارە:
بەروار : ٢٠١٥/٦/١٥

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
ژمارە ٣٠٦٧
بەروار ٢٠١٥/٦/١٧
کاروبار

بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت/ پرۆژەی هەموار کردنەوەی یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیاری پرۆژەی هەموارکردنی (یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاری گونجاوی بۆ بدرێ.

لەگەڵ ڕێزدا.

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١ | حسيان اسماعيل حسين (مروان گەڵاڵی) | |
| ٢ | د. هەورامان حمە شريف گەچينەيی | |
| ٣ | نجيبە لطيف احمد | |
| ٤ | سۆزان عمر سعيد | |
| ٥ | شاريە سماعيل مصطفى | |
| ٦ | ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی) | |
| ٧ | بهار عبدالرحمن محمد | |
| ٨ | حاجی کاروان / کنعان علم الدين [illegible] | |
| ٩ | غريب مصطفى حمە خان | |
| ١٠ | بهزاد درويش | |
| ١١ | عمر صالح عمر / عمر كوچر | |
| ١٢ | کوڵاڵ هادی فتحی | |

١٣- سهراب ميكائيل محمد امين

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | سهام عمر قادر | |
| -١٦ | فخرالدین قادر کارس | |
| -١٧ | ئومێد حەمە عەلی | |
| -١٨ | عادل عزیز شکر | |
| ١٩ | علی حمە صالح | |
| ٢٠ | قارەمان قادر فتاح | |
| ٢١ | محمود حاجی عمر | |
| ٢٢ | سیرکو جودت | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

# پرۆژە یاسای

## هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

**ماددەی یەكەم:**

ماددەی یەكەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێتەوە و دەخوێنرێتەوە:

١-هەرێمی كوردستان – عێراق سەرۆكێكی دەبێت، كە سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ كردنە و نوێنەرایەتی هەرێم دەكات لە بۆنە نیشتمانیەكان و هەوڵ دەدات بۆ پابەندی دەسەڵاتەكان بە دەستورەوە، وەك پرۆسەیەكی پرۆتۆكۆلی سەركردایەتی باڵای هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەكات، وە ئەركی سەركردایەتی هەر یەك لە ئەم هێزانە و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەگوازرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی دووەم هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

( پەرلەمانی كوردستان – عێراق بە دەنگدانێكی نهێنی لە نێو پاڵێوراواندا بە زۆرینەی ڕەها سەرۆكی هەرێم هەڵدەبژێرێت كە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی كوردستان- عێراق دەكات).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی چوارەمی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

١- سەرۆكی هەرێم بەگرێ دانی خولی پەرلەمان بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، لەنێو پاڵێوراواندا هەڵدەبژێردرێت .

٢- لەبەرواری ٢٠١٥/٨/٢٠ پەرلەمان سەرۆکێك هەڵدەبژێرێت، کەویلایەتەکەی لەگەڵ خولی چوارەمی پەرلەماندا کۆتایی دێت، بەمەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ماددەی سێیەمی یاساکە .

**ماددەی چوارەم:**

مادەی پێنجەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

٤- پێویستە سەرۆکی هەرێم لە کاتی دەرچوونی بۆ ئەم پۆستە وازنامە لە پۆستە سیاسی و حزبیەکانی بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی هەشتەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

( پاڵێوراوی سەرکەوتوو بە زۆرینەی دەنگی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بە براوە دادەنرێت).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی دەیەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

١- بڕگەی شەشەم لە ماددەی دەیەم هەڵدەوەشێتەوە.

٢- بڕگەی دەیەم لە ماددەی دەیەم هەڵدەوەشێتەوە.

٣- بڕگەی یازدە لە مادەی دەیەم هەڵدەوەشێتەوە.

٤- بڕگەی شازدەیەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

(سەرۆکی هەرێم مەرسوم بۆ دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دەردەکات).

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی حەڤدەیەم هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

١-(سەرۆكی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی كوردستان - عێراق ەوە بۆ سەرجەم خولەكانی ولایەتی بەدەنگدانی زۆرینەی ڕەها هەڵدەبژێردرێت).

٢-سەرۆكی هەرێم بۆ ماوەی دوو ساڵ تا كۆتایی هاتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان لە لایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگی ڕەهای ئەندامان هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان كار بە حوكمەكانی ئەم یاسایە بكەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچونیەوە كاری پێدەكرێ لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستاندا بلاّودەكرێتەوە.

**هۆكارەكانی دەرچواندن:**

لە پێناوی جێگیر كردنی پایەكانی سیستەمی پەرلەمانی لە كوردستان- عێراق، وە ڕێكخستنەوەی پایەی سەرۆكایەتی هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێندرا.